# دارەتوو بەرلافاو دەکەوێت

دارەتوو

بەهۆی تەوژمی باران بارینێکی زۆرەوە لەرۆژی ٣-٤ / ٢ / ٢٠٠٧ نیوەڕۆی ٤ /٢ ماڵە تازە راگوازراوەکانی کورانی عەنکاوە کە ئێستا نیشتەجێی دارەتوون چەند ماڵێك کەوتنە بەر لافاوو منداڵێك ئاو دەیباو دواتر گیرایەوەو زەرەروزیانێکی ماددیش لەو چەند ماڵە کەوت، ئەمەش بەگوتەی ئەو خەڵکە زەرەرمەندە کەچەندین جار لایەنی پەیوەندیداریان ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتە.

# لەکفری مێرد منداڵێك دەرفێنرێت

ڕۆژی چوارشەمە ٣١ / ١ / ٢٠٠٧ مێردمنداڵێك بەناوی (هـ.ج) لەلایەن گروپێکی نەناسراوەوە دەرفێنرێت، لەم بارەیە (هـ.ع) برای رفێنراوەکە بەڕێگای کوردستانی ڕاگەیاندو وتی: براکەم لەکاتژمێر (٨)ی بەیانی تاکو ئێوارە دیار نەبوو، ئێمەش تەلەفۆنمان بۆ مۆبایلەکەی کرد، کە وەڵامی دایەوە تەنها گوێمان لەوشەی (فریام کەون) بوو، هەروەها برای رفێنراوەکە وتی، دواتر ئەو گروپە تەلەفۆنیان بۆ یەکێك لە خزمەکانمان کردو داوای چوار دەفتەر دۆلاریان لێکردین، هەروەها وتی، ئەوان بەکوردی قسەیان کردووە، هاوکات بەڕێوەبەری پۆلیسی کفری بەڕێز (مەغدید سەید عەلی) بەڕێگای کوردستانی وت، تا ئێستا سەبارەت بەم رووداوە هیچ شتێکمان بۆ ئاشکرا نەبووە.

# ژنێك بەهۆی هەڵەی بەکارهێنانی سوتەمەنیەوە دەسوتێ

دارەتو

(هـ.ن) کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ بەهۆی تێکردنی بەنزین لە سۆپا لەبری نەوت پێیدا دەتەقێتەوەو لەئەنجامدا تەواوی جەستەی دەسوتێت و دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی هەولێرو دوای چوار ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتانەکەوە گیان لەدەستدەدات.

## نوێنەری حزبمان لە یەکێتی جووتیارانی کوردستاندا:

# - ئێستا لە ٥٠٪ی جووتیار بۆتە فەرمانبەر
# - مەعقولە سایلۆیەك بکرێتە قوربانی زەوی بەرپرسێك

**ماوەی چەند ساڵێکە بازاڕەکانی کوردستان لە ڕووی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە قەیرانێکی سەختی تێکەوتووەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرهەمە کشتوکاڵییە نێوخۆییەکان لە کەمبووندان و دەرەنجام بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەوەتا بەرهەمێکی زۆری کشتوکاڵی بەتایبەت سەوزەو میوە لە دەرەوە دەهێنرێت و بەمەش نرخی بەرهەمەکان بەرزبوونەتەوەو کاردانەوەی سلبی لەسەر بواری کشتوکاڵ و خودی بازاڕدا بەجێهێشتووەو وازهێنان لە کاری کشتوکاڵی و بەجێهێشتنی گوندەکان خەریکە ببێتە دیاردەیەکی مەترسیدارو لەهەمبەر ئەو ڕەوشەشدا وەکو پێویست پلان و بەرنامەیەکی ئەوتۆ نییە کەبەر بەم دیاردەیە بگرێت و هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و دابینکردنی پێداویستی خزمەتگوزاری بۆ جووتیار بدات، بۆ بە دواداچوونی ئەم پرسە چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ بەڕێز (بەکر ئادەم) نوێنەری حزبی شیوعی کوردستان لە لقی هەولێری (یەکێتی جووتیارانی کوردستان) سازدا.**

### پەیامنێری ڕێگای کوردستان

**-وەزارەتی کشتوکاڵ سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکە ئەو پرۆژە یاسایە چییەو چۆنە؟**

+ماوەیەك بەر لە ئێستا لە شاری دهۆك و لە ٢١/ ١/ ٢٠٠٧یش لە شاری هەولێر وەزارەت چەند کۆڕو سیمینارێکی سەبارەت بە گەلاڵەکردنی ئەو پرۆژە یاسایە ئەنجامداو هەتا لە هەولێر خودی جەنابی وەزیرو ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی جوتیارو غەیرە جوتیارو پسپۆڕ ئامادەبوون، پرۆژەکە بۆ کاتی ئێستامان گونجاو نییە بکرێتە یاسا کە چەندان کێشەو گرفتمان هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین شتەکان بە یاسا بڕۆن بەڕێوە، بەڵام بۆ ئێستا ناتوانێ کاریگەربێت، ئەوەتا تا ئێستا زۆربەی ناوچە تازە ئازادکراوەکان لە ڕووی ئیدارییەوە نەگەڕاونەتەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان وەکو مەخمور کە تا ئێستا سەر بە موسڵە ئەوە چەندین ناوچەی کەرکوك لەو لاوە بوەستێ، بۆیە دەبێت یاساکە بۆ هەموو کوردستان بێت، ئەوەی ئێستا هەیە بواری کشتوکاڵ بەرەو پێشەوە نابات، گەورەترین گرفت ئەمڕۆ ئەوەیە تاکو ئێستا کار نەکراوە کە جوتیاری ڕاستەقینە بگەڕێتەوە گوندەکان، گرفتی گەورەتر ئەوەبوو لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆری جوتیاران لە گوندەکاندا بە فەرمانبەر دامەزران، لە کاتێکدا بەپێی یاسا جوتیار نابێتە فەرمانبەر ئێستا لە ٥٠٪ی جوتیار بۆتە فەرمانبەر باشە ئەو پرۆژە یاسایە دەدرێتە کێ کە ئەوە واقیعی جوتیار بێت؟

**-باشە جوتیار سەرباری دامەزراندنی زۆرێکیشیان یارمەتی لە حزبەکان وەردەگرن و باری موچەیان باشەو کشتوکاڵیش نەکات بەو هەموو مووچەیە بەرئوەدەچێت، ئەوە هۆکارو سیاسەتێکی نا دروست نییە بۆ داتەپینی بواری کشتوکاڵی؟**

+لەسەر ئەو پرسیارە، خۆی لەڕاستیدا لەپشت دامەزراندنی جووتیار بەفەرمانبەر سیاسەتێك هەبوو بۆ کڕینی زەوی لەلایەن پارەدارو بەرپرسەکان و نرخی زەوییان بەرزکردەوەو کڕینو فرۆشتنیان خستە سەر زەوی حکومی ئەمەش شتێکی نایاسایی بوو نەك هەر دامەزراندن بەڵکو ئەمەش وایکرد لایەنی کشتوکاڵی بەرەو داتەپین بڕوات، ماوەیەك پێش ئێستا بەرێز (کاك مسعود بارزانی) بڕیاریدا کەوا هەرکەسێك خانوو پرۆژەی لەسەر زەوی کشتوکاڵی کردبێت ئەوا لە داهاتوودا ئەگەر پێویستی بەو زەوییانە هەبێت ئەوا خانوو پرۆژەکانیان تێك دەدرێنو قەرەبوش ناکرێنەوە، نەك هەر ئەوە بگرە ئیجراتاتیشیان لەگەڵدا دەکرێت، جا بە بۆچوونی خۆم ئەو پرۆژە یاسایە ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە سبەینێ بڕیارێك دەربکرێت کەهەموو ئەو زەویانە (تەملیك) بکرێت لەسەر ئەوانەی کە بە تەجاوزو نایاسایی ئێستا بەکار، دەهێنن ئەمەش دەقار دەق کارنەکردنە بەبڕیارو قسەکانی سەرۆکی هەرێم، خاڵێکی تر ئەوانەی ئەو زەویەیان کڕیوە جووتیار نین جا ئەگەر (تەملیك) بکرێت بەسەریاندا کێشەکان گەورەتر دەکات، شتێکی تر ئێستا مەلاکی کۆن زۆرکەم ماوە کەم مەلاك هەیە (١٠٠) دۆنم زەوی مایێت جا ئەوانەی زەوی دەکرن لەوانە دەیکڕن کە بەناویانە، با بڵێین ئەگەر کەسێك (١٠٠٠٠) دۆنم زەوی بۆ کشتوکاڵ کڕی ئەمە هەر بۆخۆی هەموو ئیشێك دەکاو پێویستی بە جووتیار نابێت ئەوکارە دەستیەی جووتیار دەیکردو ئێستا بە ئامێری پێشکەوتوو دەیکات لێرەشدا جووتیار زەرەرمەند دەبێت.

**- وەزارەت چ پلانێکی هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانو گەیاندنی خزمەتگوزاری زیاتر، یان پلانی چیە بۆ هاندانی بواری کشتوکاڵو وەرگرتنەوەی بەرهەمەکانیان؟**

+ لەڕاستیدا ئەگەر حکومەت زەوی بەسەر جووتیاردا دابەش بکات ئەوا ئەویش زیاتر گرنگی پێدەدات و بەرهەم زیاتر دەبێت، ئەمساڵ (٣٠٠٠) سێ هەزار تەن گەنم دابەشکرا لەجیاتی بدرێتە جوتیارانی ڕاستەقینە کەچی درا بەهەندێك کەس نەدەبوو پێیان بدرێت، یان دەبینین کەلوپەلی کشتوکاڵی بەپێی پێویست نیە جوتیار هەیە (٥٠)دۆنم زەوی هەیە کەچی (٦) فەردە کیمیا (٣٠٠) کیلۆی دەدەنێ ئەوە بەش ناکات بەهۆی گرانی سوتەمەنی وای لێهاتووە جووتیار ئەوەندەی هاتووچۆی وەرگرتنی کەلو پەل دەکات بچێتە بازاڕ بیکڕێت هەرزانتر ڕادەوەستێت لەڕووی ئاوەدانکردنەوەش شتی زۆر بۆ گوندەکان کراوە، بەڵام شوێنیش هەیە هیچی بۆ نەکراوە بۆ نمونە قەراج و کەندێناوە ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، قوتابخانەو نەخۆشخانە لە زۆربەی گوندەکاندا وەکو پێویست نیە، بەڕاستی وەزارەتی کشتوکاڵو، هەروەها وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش بەرنامەیەکی ڕێکیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان نییە، هەتاکو حکومەت بەپلان گوندەکان وەکو شار لێنەکاتو تەواوی پێداویستیەکانیان بۆ دابین نەکات کێشەی نیشتەجێ بوون ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورەتر دەبێتو بە دروستکردنی شوقە چارەسەر ناکرێت، خەڵك هەیە (٥٠)دۆنم زەوی هەیە دەچێ لەگەڵ کەسێکی دیکە ڕێك دەکەوێت دەیفرۆشن حکومەت نایەت ئەو کەسە بگرێت دەچێت کابرایەك لەسەر (١٠٠)م خانووی تەجاوز دەگرێت هەروەکو ڕوداوەکەی لێ ببینین هەمووی خەسار بوو فرێدرا، باشە ئەگەر قوتی نەبوو ئەی بۆ ئەو هەموو تەماتەو قەیسی و قۆخەیان کڕی؟ ئەوە بەشێکە لەبێ بەرنامەیی، یان کابرایەك دێت (٣٠٠)دۆنم زەوی لە باشترین شوێندا دەکرێتو بەرهەمێکی واشی نییەو مافی دەیان جوتیاریش پێشێل دەکرێت، ئەی ئەوەش بێ بەرنامەیی نییە! بۆیە لایەنە بەرپرسەکان ئەگەر دەیانەوێ هەوڵی پێشخستنی بواری کشتوکاڵی بدەن، دەبێت سەرەتا هەموو ئەو بریارانەی سەردەمی ڕژێمی بەعسی هەڵوەشێننەوەو بریاری ژمارە (٢) لە ساڵی ١٩٩٢یش ڕاگیراوە، خاڵێکی تر (مامزاوە) سەبارەت بە وەرگرتنەوەی بەرهەمی جوتیاران حکومەت تاکو ئێستا بەرنامەی نیە، گومرگەکانی سەوزەو میوە نەتوانراوە چارەسەر بکرێت، باشترین شت ئەوەیە حکومەت گرنکی بە دروستکردنی کارگە بدات و سود لەبەرهەمە کڕدراوەکانی جوتیاران وەربگرێت، چەندین تەن تەماتەو قەیسی کڕی، بەڵام دوایی وتیان لەبەرنەوەی (قوتی)مان نییە ناتوانین سوودی بازرگانێك، بە هەوەسی خۆیان یاری بەنرخ و بازاڕ دەکەن، باشە جوتیاری قوڕبەسەر چۆن مونافەسەی ئەمانەی پێدەکرێت بۆ وەرگرتنی دەغڵ و دان و، حکومەت پێویستە سایلۆی گەورە دروست بکات، ئێستا ماوەیەکە لە بەرامبەر گومرکی هەولێردا بڕیاری دروستکردنی سایلۆیەکی گەورە دراوە، بەڵام نەتوانراوە دروست بکرێت بەهۆی ئەوەی کابرایەکی بەرپرس زەوی سێ جوتیاری کڕیوەو تەجاوزە، باشە حکومەت ناتوانێ لێی وەرگرێتەوە؟ مەعقولە سایلۆیەك بکرێتە قوربانی زەوی بەرپرسێك، بەڕاستی پێویستە خەمی بژێوی خەڵك بخورێت نەك زەوی فلان و فیسار، بەم عەقڵیەتە چۆن بواری کشتوکاڵ بەرەو پێش دەچێت لەڕابردوودا بەعس کۆمەڵەی هەروەزی دامەزراندو دەست نیشانی کۆمەڵە خاڵێکی تایبەتمەندیان کرد کە زەویان پێ بدەن و، بیانکەنە کادیرێکی بەتوانای جوتیاری، بەڵام دواتر پشتی لەو بڕیارە کردو هەستا زۆربەی زەویەکانی بەناوی جۆراو جۆری دا بە خەڵك کەهەمووی بوو بە ئاغا لەسەر خەڵك و جوتیار دەچەوسێنرایەوە، ئێستا دەبێت چارەسەری ئەو مەسەلانە بکرێت قەت ئەوە چارەسەر نییە زەوی کشتوکاڵی بە تەجاوز بکرێتە پرۆژەو خەڵکی هەژاریش، بەس تەماشای بکات ئێمە دەڵێین با پرۆژە بەرنامە بێت بێ جیبازی بۆ هەموو خەڵك بێت بەتایبەت جوتیار کە بڕبڕی بەرەو پێشچوونی ئابووری کۆمەڵگایە.

> **" شتی زۆر بۆ گوندەکان کراوە، بەڵام شوێنیش هەیە فەرامۆشکراوە، ئەوەتا قەراج و کەندێناوە پشتگوێ خراون. "**

## گەڕەکی ئاگرکوژێنەوە ( خەباتی نوێ ) خەریکە لە قوڕو لیتەدا ون دەبێت

# *هاوولاتییەك: بەڕێزتان چۆن گەیشتنە ئەم گەڕەکە چۆن لەم قوڕە دەرچوون؟!
# *ئافرەتێك: لەبەر ئەم قوڕو لیتەیە ئۆتۆمبێلی شارەوانی کەم بۆ ئێرە دێت

ئا: پەیامنێری سۆران

**گەڕەکی خەبات لە سۆران هەروەکو هاوولاتیان دەڵێن، کۆنترین گەڕەکی سۆرانە کە لە ساڵی ١٩٩٤ ئاوەدانییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لە بەرامبەر کەمی خزمەتگوزاری هاوولاتیان گازاندەیان هەیەو دەخوازن گرفتەکانیان چارەسەر بکرێت بۆ ئەم مەبەستە چەند هاوولاتییەکی گەڕەکەکە بەم شێوەیە هاتنە ئاخاوتن:**

(گەڕەکەکەمان گرفتی زۆری هەیە وەکو زێرابەکانو کۆڵانەکان کە تا ئێستا یەکجار چەوڕێژ کراوە) ئەمەی سەرەوە قسەی هاوولاتی (دڵشاد خەبات) بوو کە لە دێڕێی قسەکانیدا دەڵێت: گەڕەکەکەمان کۆنە نزیکی بازاڕی سۆرانەو کۆڵانەکانو ڕێگاوبانەکانمان هەمووی قوڕە، دڵشاد داوا دەکات کە وێنەی ئەم بۆرپە ئاوە بگرم کە بەناو زێرابدا ڕێشتووە، مەترسی جۆراو جۆری بەسەر ژیانی هاوولاتیان هەیە.

هاوولاتی (فەرهاد عەبدولرەحمان) دەڵێ: چۆن گەیشتیە ئەم گەڕەکە چۆن لەم قوڕە دەرچوویت، ئێرە چونکە گەڕەکی هەژارنشینە هەر بەم جۆرە ماوەتەوە.

هاوولاتی (لوقمان) کە پێشتر ئێمەی ئاگادارکردبۆوە لەم گرفتە دەڵێت: ئاوەڕۆی زێرابەکانی دێتە ناو کۆڵان چەند ئەم قوڕە هەراسانی کردووین، ئەوەندەی تر ئەم زێرابە کە بۆنی ناخۆشی لەناو کۆڵانەکەدا دروستکردووە بۆیە داوا دەکەین کە بۆمانی چاك بکەن، چونکە بە درێژایی دروست بوونی ئەم گەڕەکە ئەمە ژیانی ئێمە بووە.

ئافرەتێکی تر کەزانی ئێمە هاتووینەتە ئەم گەڕەکە زۆر خۆشحاڵ بوو وتی بەڵکو ئەمجارە ئەماغەسێننەوە لەم قوڕە، هەر لەبەر ئەم قوڕەیە ئۆتۆمبێلی شارەوانی کەم دەگاتە ئەم گەڕەکە.

هاوولاتی (محەمەد) وتی: من قسە ناکەم چونکە شارەوانی ئاگاداری لە وەزعی ئێمە کەچی چاکی ناکات، بۆیە دەڵێم ئەم گەڕەکە لە بیرکراوە لەبەر قوڕی زستان ناتوانین بگەینە بازاڕو لەگەڵ ئەوەشدا لە شەقامی سەرەکییەوە دوورنین.

هاوولاتی (عەلی برادۆستی) لەم گەڕەکە دەڵێ: ئەم گەڕەکە کە نزیکە لە شەقامی سۆران-ڕواندوز هەر لەناو ئۆتۆمبێلدا هەست بەم گەڕەکە دەکرێ کە ئەم گرفتانە هاوولاتییانی هەراسان کردووە هەر لە ئاوو زێرابو شەقامەکانی چەندین جار ئەم گرفتەمان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار کردووە شارەوانی چەندین جار بڕیاریداوە کە هەر هیچ نەبێ گرفتی زێرابەکانمان بۆ چارەسەر بکات کەچی هیچ نەکراوە، بۆیە داوا لە لایەنی پەیوەندیدار دەکەم کە گرفتەکانمان بۆ چاك بکەن چونکە بەڕاستی هەراسان بووین.

# لەناحیەی دارەتوو ناعەدالەتی زۆر هەیە

هاوڕێ ڕێبوار- دارەتوو

ئەگەرچی لەناحیەی دارەتووی سەر بەپارێزگای هەولێر لەماوەی ساڵی ڕابردوودا چەند پرۆژەیەکی باش ئەنجامدران کە جێگای پێزانینە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا گرفتی زۆر ماونو کەمو کورتی زۆر لە ناحیەکەدا هەیە، خاڵێك کە دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە پرۆژەی دابەشکردنی زەوی بەناوی کرێچی بۆ خەڵکی هەژار کارێکی چاك بوو، بەڵام دواتر بینیمان کە زۆربەی زەوییەکان واسیتەو واسیتەکاریو حزبایەتیو خزمایەتی تێدا ڕەچاوکراو بەشێوەیەکی ناعەدالەتی دابەشکران، هەموومان گوێمان لێ بوو کە لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم زەویانە بۆ خەڵکی کرێچیو موستەحەق بوون، کەچی دواتر وادەرنەچوو، کاتێك سەیری لیستی ناوەکانمان کرد کە (١٣٤٩) ناو زەویان بۆ دەرچوو بوو، بینیمان زۆربەیان خەڵکی خاوەن خانوو دەوڵەمەند بوون، نەك کرێچیو خەڵکی هەژار، لەبەرامبەر ئەو ناعەدالەتییەشدا بەدواداچوونو لێپرسینەوە نەکراو هەرچەندە خەڵکە هەژارەکە هاواری لێ هەستار گلەیی کرد، بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتن. لەو لاشەوە ئێستا سەرەڕای دابەشکردنی زەوی بەناعەدالەتی، ڕۆژانە چەندین سەرپێچی تر ئەنجام دەدرێن بەتایبەت دروستکردنی خانووی تەجاوزات کە بەزۆری لەلایەن خەڵکی دەستژێتشوووەوە دەکرێن، چونکە پشتیان قایمەو کەس لێیان ناپرسێتەوەو بە جۆرەها فێڵ تاپۆیان دەکەن، ئەگەر بڕیاری تێکدانی خانووەکانیشیان بدرێت ئەوا حەوشەکانیان دەڕوخێنن و دواتر دەست بەدروستکردنەوەی دەکەنەوە، سەیریش لەوەدایە ئەوانە هیچیان پێویستیان بە تەجاوزات نییەو خەڵکی بەحساب یاسا ناسو ڕۆشنبین!.

ئەمساڵ زۆربەی گەڕەکەکانی ناو دارەتوو قێرتاو کران کە مایەی دەستخۆشییە، بەڵام مەزراکان زۆر خراپن و ئاری باران کۆدەبێتەوەو دەچێتە ژێرقێرەکەو بەمەش وای لێ دێت کە قێرەکە خۆی نەگرێتو بەماوەیەکی زوو دیسانەوە خراپ بێتەوە.

دیاردەیەکی تر کە ئێستا لە دارەتوو باوە ئەوەیە لەکاتی دابەشکردنی غازدا دیسان ناعەدالەتی هەیەو بەرپرسەکانو کاربەدەستان بەکەیفی خۆیان غاز بۆ خۆیان دەگێڕنەوەو مافی خەڵکی هەژار دەخۆن، ئەوەتا ڕۆژی ١٨ / ١ / ٢٠٠٧ لۆرییەکی غاز لەتەنیشت ناحیەی دارەتوو لەجیاتی ئەوەی غاز بەسەر خەڵکەکەدا دابەش بکات کەچی چەند پۆلیسێك لۆرییەکەیان ڕاگرتو (٢٥) بوتڵ غازیان بۆ خۆیان هێنایە خوارەوە، خەڵکە بەستەزمانەکەش سەیریان دەکرد، لەوکاتەدا چوومە لایانو پێم وتن: ئەوە ئێوە ناترسن کەسێك بەکامێرا وێنەتان بگرێتن کەچی زۆر بێ باکانە وتیان ئێمە لەکەس ناترسین، بۆیە داوا لەلایەنی بەرپرس دەکەم، تا زووە سنورێك بۆ ئەو ناعەدالەتیو هەڵسوکەوتەی هەندێ کەس دابنێن کە بەناوی بەرپرسێتی مافی خەڵك دەخۆن.

# گوندی هەنارەو چەند داواکارییەك

گوندی هەنارە گوندێکی زۆر دێرینەو سەر بەناحیەی هەریرە لە ڕۆژانی سەختی تێکۆشاندا هەمیشە بەهانای پێشمەرگەوە هاتوونو بەردەوام یارمەتی پێشمەرگەیان داوەو بەوهۆیەوە ڕژێمی بەعس ئازارێکی زۆری خەڵکەکەی داوە، ئێستا خەڵکێکی زۆر گەڕاوەتەوە ئەم گوندە بەڵام حکومەتی هەرێم وەکو پێویست ئاوڕی لەم گوندە نەداوەتەوە نە ئاوی هەیە نە کارەبا کە شتی سەرەکیو پێداویستی ژیانن، هەروەها لەلایەنەکانی تریشەوە پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە هەیە، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ئاوڕ لەم گوندە بداتەوەو ئاوو کارەباو خزمەتگوزاری ترمان بۆ دابین بکات، بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانمان زۆر خۆشحاڵ دەبین.

**ئەحمەد محەمەد محەمەد**
**لەجیاتی دانیشتوانی گوندی هەنارە**